# مێژووی شاری
# بۆكان

سۆمانە بۆكانی

شاری بۆكان لە ١٣ خولەك و ٤٦ پلەی درێژایی خۆرهەڵاتو ٣٢ خولەك و ٣٦ پلەی پانایی باكوورە. بەپێی دوایین دابەشكردنەكانی ئێران بەرینایی بۆكان ٢٥٤١,٣٠٦ كیلۆمەتری چوارگۆشەیەو لەباشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا هەڵكەوتووە، ١٣٤٠ مەتر لەئاستی دەریا بەرزە. شاری بۆكان لەباكوورەوە لەگەڵ میاندواو، لەخۆرهەڵاتەوە لەگەڵ ساین قەڵا، لەباشوورەوە لەگەڵ سەقزو لەخۆرئاواوە لەگەڵ مهاباد هاوسنوورە.

لەیەكەم سەرژمێریدا كەساڵی ١٢٦٩ی كۆچی ئەنجامدراوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری بۆكان ١٠٠ كەس بووە. لەسەردەمی ناسرەدین شای قاجار، كاتێ سەردار عەزیزخانی موكری خاوەنی بۆكان بوو ١٠٠ بنەماڵە لەبۆكان نیشتەجێ بوون. دوایین سەرژمێریش كەساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن فەرمانگەی باری شارستانیی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاواوە بڵاوبۆتەوە، دانیشتوانی بۆكان گەیشتۆتە ٢٣٠,٠٠٠ كەسو لەنێو شارەكوردییەكان دوای كرماشانو ورمێو سنە، گەورەترین شاری خۆرهەڵاتی كوردستانە، كەبەهۆی هەڵكەوتنی بۆكان لەسەر شارێی سەرەكی باكوورو باشووری خۆرئاوای ئێران، بۆتە هۆی كۆچی زۆر لەگوندەكانو شارەكانی دەوروبەرەوە بۆ ئەم شارە.

بەپێی دوایین ئاماری ئیداریی‌و سیاسی



کۆماری ئیسلامی ئێران کەساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە، بۆکان لەدوو قەزا پێکهاتووە: قــەزای سیمینە کــە ١٠٩٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو لەسێ ناحیەی ئاختاچی خۆرهــەڵات و ئاختاچی بـاکـوور و بێهی دێبوکری پێکهاتووە. قەزای ناوەندی بۆکان لەچوار ناحییە پێکهاتووە: ئاختاچیو ئێلی تەیموور گەورکو فەیزووڵابەگی.

خەڵکی بۆکان بەزمانی کوردیو زاراوەی موکری، یاموکریانی دەپەیڤن. بەم زاراوەیە ئەدەبیاتێکی فراوان نووسراوە. دانیشتووانی بۆکان لەسەداسەد کوردنو ئاینی زۆربەیان ئیسلامو ئاینزای سوننەی شافعییە کەلەباب‌و باپیریانەوە وەك میرات پێیان گەیشتووە.

## لەباری مێژووییەوە

بەخوێندنەوەو سـەرنجدان بەحکومەتی لۆلۆبیو گۆتیەکانو قەومەکانی تری ناوچەکەو ئـەو شـوێـنـەوارانـەی لـەگـەڕانو پشکنینە شـوێـنـەوارنـاسـیـیـەکـانو ئەو بەردنووسانەی دۆزراونـەتـەوەو گرنگترینیان بـەردنـووسـی قـەڵایـچـی، کـەمـێـژووەکـەی دەگـەڕێـتـەوە ٨٠٠ سـاڵ پـێـش زایـینو قەڵاکۆنەکانی گوندەکانی ئاغجێوانو ئـەربـەنـووسـی بـۆکـان ئـامـاژە بـەمـێـژوو شارستانییەتی کۆنی ئەم ناوچەیەی وڵاتی بۆکان دەکـەن. سـەردار عەزیزخانی موکری سـەرداری گشتی سوپای ئێران لەسەردەمی ناسرەدین شای قاجار بۆکانی بە٩٠٠ تمەن لەئێلی خاکی کڕی. پێش ئەوەی سەردارانی موکری ببنە دەسەڵاتداری بۆکانو ناوچەکانی دەوروبـەری،ئـێـڵـی خاکی دەسـەڵاتـی ئەم ناوچەیەیان بەدەستەوە بوو وبەدەستپێکردنی حکومەتی سەردارانی موکری ئێلی خاکی کۆچیان کرد. ئەم گۆڕانکارییانەی دەسەڵات لەدەڤەرەکەدا بوو بەهۆی ئـەوەی کەگوندی ئینگیجە لـە ٣ کیلۆمەتری بـاشـوری خۆرهەڵاتی بۆکان وێـران بێتو گوندی سەردارئاباد ئاوەدان بکرێت. هەروەها گوندی عەلیاباد کەئێستا یەکێکە لەگەڕەکەکانی شـاری بـۆکـان پێشتر نـێـوی چـاوان بـووە بەپێوقەدەمی عەلی خانی کـوری سـەردار عەزیز خان ناوەکەی دەگۆڕن.

دوای کۆچی دوایـی سـەردار عەزیزخان سەیفەدینخانی کوری سـەردار بەدەسەڵاتی ناوچەکە دەگات. سەردار سەیفەدین خان بۆ کانی بەخوری بۆکان حەوزێك دروست دەکا. بەهۆی گەورەیی کانییەکە لەو کاتەوە تائێستا ناوی حەوزەگەورەی پێ براوە. سەیفەدین خان بەفرۆشتنی چەند گوندێك لەموڵکەکانی خۆی لـەسـەر گـردی پەنا حـەوزەگـەورەو قـەڵای وێرانکراوی لێ هەڵکەوتووە نـاوی قەڵای سەرداری لەسەر دانراوە. بەداخەوە ئەمێستاکە قـەڵای سـەردار ڕوخـێـنـدراوەو لـەلایـان بەرپرسانەوە پشتگوێ خـراوە. لەکارەکانی دیکەی سەردار سەیفەدین خان دروستکردنی مزگەوتێك بوو کەئێستاکە مزگەوتی گەورەی شارە لەپەنای حەوزەگەورەو قەڵاوە کەناوەندی شاری بۆکانیان پێکهێنا.

بەهاتنی ڕووسو عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە،بۆکانیش لەشەڕی یەکەمی جیهانیی نەپارێزرا، هێرشی رووسەکان بووە هۆی ئەوەی کەناوچەکە وێران بێت،زۆر خەڵکی بێتاوان کوژرانو لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ڕووس شـاری بـۆکـان لـەلایـەن عوسمانییەکانەوە تالانکرا،تەنانەت هێزەکانی ئێرانیش هاورێ لەگەڵ عوسمانییەکان دەستیانکرد بەتالانیی بۆکانو ناوچەکەو بووە هۆی خەسارو زەبرێکی زیاتر لەپرسی کۆمەڵایەتیو سیاسی کورد. لەسەردەمی ڕەزا شادا بۆ جارێکی دیکە بۆکان بەکەسێك بەنێوی (حەبیب ئاغای پەناهی تاجر باشی) کەدانیشتووی تەورێز بوو فرۆشرا. لەگەرماوگەرمی شـەڕی دووەمـی جیهانییو سەرەتاکانی حکومەتی محەمەد ڕەزاشا بنەماڵەی ئێلخانی زادەو موهتەدی



وێنەیەکی ٥٠ساڵ لەمەوبەری شاری بۆکان



قەڵای سەردار عەزیزخان

بەحەوسەد هەزار تمەنی ئەوکات بۆکانیان لەتاجرباشی ستاندەوە. ساڵی ١٩٣٦ یەکەم قائمقامی بۆکان بەناوی عەزیز خانی حەیدەری دەستنیشان کرا. بۆکانی ئەوکات بریتی بوو لە ٣٠٠ بنەماڵەو ٢ کاروانسەراو چەند دووکانو قوتابخانەو سەربازگە کەگشتیان لەنێو قەڵای سەردارو دەوروبەری بوون. هەتا ساڵی ١٩٦٠ نزیکەی ١٠٠ بنەماڵەی کەلیمیو جوولەکەکان لەنێو خۆیاندا بەزمانی عیبری دەدوانو بەدروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هەموویان بۆ ئەو وڵاتە کۆچیان کرد.

یەکەم قوتابخانەی بۆکان لەساڵی ١٩٢٨ دامەزراو یەکەم بەڕێوەبەری نێوی مەهدی شەیبانی خەڵکی تەورێز بوو. یەکەم مامۆستای ئەو قوتابخانەیەش (شێخ حەسەنی کازمی) بۆکانی بوو.

جێی خۆیەتی ئاماژە بەیەکەم مامۆستای ژنی قوتابخانە لەبۆکان بکەین، هەموومان ناوی چوار ئەفسەرە شەهیدە کوردەکەی باشوری کوردستان دەزانین کەبۆ یارمەتی کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا هاتنە مەهابادو بۆکانو پاش گەڕانەوەیان بۆ عێراق، بەدەست حکوومەتی پاشایەتی عێراق ئیعدام کران: قودسی، خەیروڵا، مستەفا خۆشناو، عزەت عەبدولعزیز، یادیان بەخێر بێت. بەڵام کەم لەئێمە ئەزانین کەهاوسەری یەك لەو چوار ئەفسەرە قارەمانە، خانمێکە بەناوی میسری خانم کەیەکەمین مامۆستای ژن بووە لەبۆکان!

میسری خانم خەڵکی مەهاباد بووەو پێشەوا قازی محەمەد لەسەردەمی کۆماردا ناردوویەتییە بۆکانو بۆتە مامۆستای قوتابخانە. ناوی تەواوی (میسری حەسەن زادە)بوەو پاشان لەبۆکان شووی بەشەهید (محەمەد ئەحمەد قودسی) ئەفسەری کوردی خەڵکی سلێمانی کردووەو چۆتە سلێمانی. دوای شەهید بوونی قودسیش گەڕاوەتەوە خۆرهەڵاتی کوردستانو لەبۆکان شوی کردۆتەوە. میسری خانم ئێستا لەژیاندایەو لەتەمەنی ٧٦ساڵیدا لەبۆکان دەژی.

ئێستا شاری بۆکان زیاتر لە ٥٠ هەزار قوتابیو خوێندکاری هەیە. دوو زانکۆی خوێندنی باڵای بەناوەکانی پەیامی نوور بەنزیك ٢٠٠٠ خوێندکارو زانکۆی ئازادی ئیسلامی بەنزیك ١٠٠٠ خوێندکار دەوری گرنگی زانستیو کەلتووری لەناوچەکەدا دەگێڕن.

لەکاتی کۆماری کوردستان، بۆکان لەدوای ناوەندی کۆمار واتە مهاباد گرنگترین شوێنی دەسەڵاتی کۆمار بوو. لەبەر ئەمە بەڕێوەبەرانی کۆمار بەشێك لەکارو چالاکییەکانیان بۆ بۆکان گوێستەوەو مەبەستە یەکێك لەچاپخانەکانیان هێنایە بۆکانو دەستیان بەچاپی گۆڤارو




هەلاڵە چاپکراوێکی شاری بۆکان

کتێب کرد. یەکەم گۆڤار کەلەبۆکان چاپکراو لە ٢١ مارسی ١٩٤٦و بەپێی ئامانجەکانی کۆمار دەست بەبڵاوکردنەوەی کرا، گۆڤاری هەڵاڵە کەگۆڤارێکی ئەدەبی سیاسی بوو بەسەرنوسەریی نوسەری ناسراوی کورد (حەسەن قزڵجی)و بەیارمەتی (هەژار موکریانی)، (عەباسی حەقیقی) و(هێمن موکریانی).

ساڵی ١٩٤٧ لەباشووری ئەوکاتی شار یەکەم بنکەی تەندروستی دامەزراو یەکەم دکتۆرو نەشتەرگەری ئەو نەخۆشخانەیە فریدریشی ئەڵمانی بوو کەبەهاوکاریی خانمەکەی نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکرد.

## شوێنەوارە مێژووییەکان

گەنجینەیەکی مەزنی مێژوویی لەم شارەو دەڤەرەکەی هەڵکەوتووە کەتەنیا بەشێکی کەم لەم شوێنەوارانە لەلایەن ناوەندی شوێنەواری ئێرانەوە ناسراوو تۆمار کراوەو بەهۆی نەبوونی مۆزەخانە یان تەنانەت لقێکی ناوەندی شوێنەواری کەلتووریی، زۆربەی شوێنەوارەکانی بۆکان تۆزی فەرامۆشییان لەسەر نیشتووە یان دزراوە. بەشێك لەم شوێنەوارە مێژوویانە لەلایەن ناوەندی شوێنەواری مێژووییو کەلتووریی ئێرانەوە بەڕەسمی ناسراون:

- قەڵای سەردار لەناوەندی شار کەشوێنی فەرمانڕەوایی سەردارانی موکری بووەو دوای شۆڕشی گەلانی ئێران وێرانکراو ئێستا شوێنێکی سەربازییە. ئەم قەڵایە کاتی خۆی لەناوەڕاستی شار لەسەر گردێکی بەرزو بەبەرزایی ٥٠ مەترو نزیك بەهێکتارێك دامەزراوەو کەرەستەکانی بەردو خشت بووە. لەبەشی خۆرهەڵاتو خۆرئاوای قەڵاکە دوو بورجی پاسەوانیی دروست کرابوون.
- گردی مێژوویی لەگەڕەکی کولتەپە کەشوێنەواری مرۆڤەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایینی لێ دۆزراوەتەوەو یەکێکە لەئاورگە مێژووییەکانی شار.
- گردی تابانی لەگوندی ئەحمەداوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی پارتیو ساسانی.
- گردی ڕۆژبەیانی لەگوندی عەزیزکەند دەگەڕێتەوە چاخی زێو-پێش زایین.
- گردی خەزێنە لەگوندی سەراو، سەردەمانی مرۆڤەکانی کالگوتیك.
- قەڵای فەرهاد تاش لەگوندی سماقان کەنۆ هۆدەی بەردینی تێدا تاشراوە.

زیاتر لە ٥٠ شوێنەواری گرینگی مێژوویی تر کەمێژووی زۆربەیان دەگەڕێتەوە سەردەمانی

هەزارەی یەکەمی پێش زاین. بەڵام گرنگترین شوێنەوارێکی مێژوویی کەشوێنەوارناسانی ئێرانیو بیانی ئاماژەی پێدەکەنو وەك پێتەختی ماناکان ناساندوویانە قەڵایچی یە لە ٨ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی بۆکانەوە.

قەڵایچی لەپەنای گوندێکە هەر بەو ناوە. لەم گردەدا سەردەمەکۆنەکانی چاخی ٢ی ئاسن (١٢٠٠ تا ٨٥٠ی پێش زایین)و چاخی ٣ی ئاسن (٨٥٠ تا ٥٥٠ی بەرلەزاین)ی لێ بیندراوە. قۆناغێکی مێژووییو سێ دەورە بیناسازیو دەیان خشتی نەخشێندراو بەئاژەڵە ئەفسانەییەکان دۆزراونەتەوە کەلەلایەن تالانچیو قاچاخچییەکانەوە ساتوسەودایان پێکراوە. ٣٠٠ دانە لەو خشتە نەخشێندراوانە ئێستا لەمۆزەخانەی تۆکیۆی ژاپۆن پارێزراون. دۆزینەوەی بەردنووسێك بەخەتی ئارامی کە١٣ ڕستەی لێنووسراوە وژمارەیەکی بەرچاو لەخشتی نەخشێندراو بەئاژەڵە ئەفسانەییەکان هەموویان ئاماژەن بەشاری ئیزیرتوو واتە پێتەختی ئەفسانەیی ماناکان. تائێستا ٩ دەورەی گەڕانو پشکنین لەلایەن شوێنەوارناسانەوە ئەنجام دراوە قوربانگەی سەرەکیو کارخانەی خشتەکانی شاری ئیزیرتوو لەقەراخ شاری بۆکان دۆزراوەتەوە.

لەدەوروبەری قەڵایچی چەند قەڵایەکی سەربازی لەگوندەکانی وەك ئەربەنوسو ساروقامیشو ئاغجێوان کەبۆ پارێزگاریکردن لەپێتەختی دەوڵەت شارەکەیان دەیانمەزراندووە. هەروەها بەدۆزرانەوەی پێتەختی ماناکان لەقەڵایچی بۆکان شوێنەوارناسان لەساڵی ١٩٨٨دا ڕایانگەیاند کە هیگمەتانە واتە پێتەختی مادەکان لەهەمەدان نییەو بەپێی دوایین لێکۆڵینەوەی ئیحسان یەغمایی، شوێنەوارناسی ناسراوی فارس کە بۆ جارێکی دیکە لەساڵی ٢٠٠٦ لەوتوێژێکی ڕەسمیدا داکۆکی لەسەر دەکرد، ئەوە ڕاگەیەندرا کە هێگمەتانە قەڵایچی بۆکانەو ئەگەر ئەم وتەیە بسەلێندرێ دەبێ مێژووی ئێران کەبنچینەکەی لەسەر هیگمەتانە دامەزراوە سەر لەنوێ بنوسرێتەوە.


نەخۆشخانەی بۆکان، د.فرێد ریسی ئەڵانی و ئەحمەد وەیسی کارمەندی نەخۆشخانەکە


کۆمەڵێك پیاو بە بەرگی بۆکانییەوە


حەوزی بۆکان

## سەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان

بێجگە لەو شوێنەوارە مێژووییانەی ئاماژەمان پێکرد دەیان شوێنی گەشتوگوزاریی سەرنجڕاکێش لەبۆکانو دەوروبەری بۆکان هەن کەدەتوانین ئاماژە بەهێندێکیان بکەین:

◆ باخی میراواو پارکی ساحیلیو سەیرانگەی کێوەڕەش لەخۆرئاوای شار کەبەدرێژایی چۆمی تەتەهوو لەناوەڕاستی شار بۆتە سەیرانگەی زۆر خەڵکی شارو ناوچەکانی تر.

◆ سەیرانگەی حەسەن زیرەك لەباشووری شار کەوەك ڕێزگرتن بۆ ئەم هونەرمەندە مەزنەی کورد ئاوەدانو جێی سەیرانی عاشقانی ئەم دەنگە ئەفسانەییە.

◆ پارکی ناڵەشکێنە بەقەدپاڵی کێوی ناڵەشکێنەو باخی گشتی لەناوەندی شار.

◆ پارکی گەرەکی فەرهەنگیانی تازەهەڵکەوتوو لەباشووری بۆکان لەسەیرانگاکانی شاری بۆکانن.

◆ بەنداوی شەهید کازمی لە٣٥ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی بۆکان لەشوێنە گەشتوگوزارییە گرنگەکانی بۆکانە کەسالانە میوانداری لەهەزاران خەڵکی ئێرانو دەرەوەی ئێران دەکات.

دەبێ ئاماژەش بەدەیان ئەشکەوت بکرێ کەتایبەتمەندیو سەرنجڕاکێشی بۆکان دەردەخەن،وەك ئەشکەوتی کول ئاباد لە٣٥ کیلۆمەتری باکووری بۆکان لەسەرجادەی بۆکان میاندواو، ئەشکەوتی کونەکۆتری قەڵایچی لە ٨ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی بۆکان، ئەشکەوتی موکری قڕان لەنزیك گوندی خۆراسانەی بۆکان کەلەسەردەمی شاعەباسی سەفەوی لەم ئەشکەوتەدا کارەساتێکی مرۆڤی ڕوویداوەو سەدان مرۆڤی کوردی ناوچەی موکریان لەو ئەشکەوتە خزاندووەو بەدووکەڵ هەموویان قڕکراون. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەبیرەوەریی ئەم کارەساتە مرۆڤییە لەزەین و مێژووی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا بمێنێتەوەو وەك ژینوساید لەمێژووی کورددا.

## ئیشی دەست

ئیشی دەستی ناوچەی بۆکان بەگشتی بریتین لەچنینی فەرش، بەرماڵ، قوماش، چنینی حەسیر، خەراتی، بوزوو ڕانكو چۆغە.

سەبارەت بەمێژووی چنینی فەرش لەناوچەی بۆکان. زانیارییەکی ورد بەدەستەوە نییە بەڵام سەرنجدان لەتانوپۆی شتە چنراوە کۆنەکانو خشتە نەخشێندراوەکانی قەڵای مێژوویی قەڵایچی، تەمەنی مێژوویی چنینی فەرشی ئەم ناوچەیە دەردەخەن. هەبوونی کارگە سوننەتیەکان دەگەڕێتەوە دەیان ساڵ بەرلەئێستا. دیارترین بەڵگەی گرنگو بەردەست بۆ چنینی فەرش لەناوچەی بۆکان دەگەڕێتەوە سەردەمی سەردار سەیفەدین خانی موکری لەساڵانی ١٩١٥ کەنزیك بە ٣٢ تەختە فەرش بوون کەهەموویان لەبۆکان چندراونو دواتر بەخواستی سەردار هەموو ئەم فەرشانە گوێزرانەوە بۆ قەڵای سەردار. ئێستاکە فەرشی بۆکان ناوبانگی جیهانیی هەیەو بۆ زۆربەی وڵاتانی دنیا دەنێردرێ.

## ناودارانی بۆکان

لەهەر شوێنێکی کوردستان هەرکەناوی بۆکان بێت دەستبەجێ ناوی حەسەن زیرەكو ناڵەشکێنەو حەوزەگەورەو قەڵای سەردار وەك شوێنەواری دانەبڕاو ئاوێتەی ناو و ناوچەو خەڵکی بۆکان دەبێت. هونەرمەندی ناسراوو لوتکەی گۆرانی کوردی نەمر حەسەن زیرەك لەدوای گەڕانێکی زۆرو چەرمەسەرییەکی سەختو دژوارو تۆمارکردنی ژیانێکی تاهەتایی هونەرمەندانە لەسەر وەسێتی خۆی دەهێنرێتەوە بۆ زێدی خۆیو لەداوێنی کێوی ناڵەشکێنە دەنێژرێ.

قادر عەبدوڵلا زادە ناسراو بەقالە مەرە شمشاڵ ژەنی ناسراو دەنگی شمشاڵە سیحراویەکەی لەهەموو کەلێنو قوژبنو کۆلانێکی شاردا ئاوێتەیە.

سوارەی ئیلخانی زادە شاعیری ناسراوو پێشڕەوی شیعری نوێی کوردی لەخۆرهەڵاتی کوردستان ساڵی ١٩٣٧ لەدێی تورجانی موکریان لەدایك بووە. سوارە خوێندنی سەرەتایی لەلای مامۆستای تایبەتی دەست پێ کردووەو پاشان لە بۆکانو تەوریز درێژەی بەخوێندن داوەو لەزانستگای تاران بڕوانامەی لەبواری مافدا وەرگرتووە. لەسەردەمی حکوومەتی پاشایەتیدا چەندجارێك گیراو لەبەندیخانەی قزڵقەڵای تاران ئەشکەنجە کرا.


سوارەی ئێلیخان زادە

حەسەن قزڵجی چیرۆکنوسو سەرنوسەری گۆڤاری هەڵاڵەی سەردەمی کۆماری کوردستان لەبۆکان لەدایکبووە. خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا لەو نوسەرانەیە کەڕۆڵێکی گرنگی لەبواری ئەدەبی کوردیو بەتایبەتی چیرۆکدا هەبووەو بەبێ ئاماژەکردن بەناوی ئەو ڕەنگبێ ناساندنی شاری بۆکانیش کورتی بێنێ.

گۆرانی بێژو هونەرمەندانی وەك تاهیری خەلیلی، بەکر لەگزی، حەسەن دەرزی، خەبات مەولودیو عوسمانە سوور ئەمێستاکەش لەبواری هونەری گۆرانیو مۆسیقادا چالاکانە خەبات دەکەن.

لەشاعیرانو نوسەرانو هونەرمەندانی دیکەی بۆکانی دەتوانین ئاماژە بکەین بەنەمر سەید کامیل ئیمامی، عەباس حەقیقی، محەمەد نوری، حسێن شێربەگی، محەمەد رەمەزانی، عەبدولخالق یەعقوبی، مستەفا شێرزادو محەمەد ڕۆستەم زادە، برایانی قورەیشی کارکاتۆریستو ڕێبین حەیدەریو دەیان کەسایەتی دیکە.



بەرپرسە ئیدارییەکانی بۆکان



کۆمەڵەی فەرهەنگیانی بۆکان



هەروەها لەچالاکی بواری سیاسیدا ناوی کەسانێکی وەك نەمر عەلی بەگی شێرزاد، نەمر قاسم کەریمی، رەووف حافیزولقورعان، عەلی گەلاوێژو صەلاح موهتەدیو دکتۆر جەعفەری شەفیعیو کەسانی تر پەروەردەکراوی داوێنی بۆکانن.

## جوڵانەوەی سیاسی لەبۆکان

شاری بۆکان گەلێ جار ڕۆڵێکی گرنگو پرشنگداری بۆ خەباتی نەتەوەییو دژ راوەستان لەبەرامبەر زۆرداران‌و ستەم‌و ملهوریدا گێڕاوە. گەر زۆر بۆ دواوە نەگەڕێینەوە،دەتوانین سەردەمی کۆماری کوردستان و ڕۆڵ‌و چالاکی خەڵکی ئەم ناوچەیەی موکریان بۆ پێکهێنانی خەونی نەتەوەیی کورد وسەقامگیرکردنی وەبیر بێنینەوە. لەدوای هەڵکردنی ئالآی کۆمار لەپێتەختی کۆماردا، ڕۆڵی ناوچەی بۆکان‌و کەسایەتییەکانی ئەم دەڤەرە گەلێ شانازی بۆکوردو مێژووی خۆی تۆمارکردووە. لەنێو کابینەی وەزیرانی کۆماری کوردستاندا گەلێ ناوی دیار دەبینین کەخەڵکی بۆکان‌و دەوروبەری بوون، لەوانە حاجی بابەشێخ سەرۆك وەزیران، ئیسماعیلی ئیلخانیزادە وەزیری ڕێگاوبان، عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە وەزیری تکبیر- ڕاوێژکار. بۆکان لەژێر دەسەلآتی کۆماردا هەرچەندە ئەوکات ڕێژەی دانیشتوانی کەم بووە بەلآم ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوەو وەك پێگەی دووەمی کۆمار سەیری کراوە. لەکاتی ڕووخانی کۆماردا بەدەستی حکومەتی ناوەندیو نەیارانییەوە بەشێك لەکەسایەتیو چالاکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کەلەسێدارە دران خەڵکی بەشی فەیزولآبەگی بۆکان بوون کەعەلی بەگی شێرزاد لەحەوزە گەورەی هەڵکەوتوو لەناوەندی شاردا لەسێدارە دراو وەك بیرەوەرییەکی تاڵ لەزەینی مێژووی ئەم شارەدا ماوەتەوە. هەروەها چەند کەسێکی دیکەی ئەم ناوچەیەش لەسەقز بۆ چاوترسێنکردنی خەڵك شەهیدکران.

یەکێکی دیکە لەجوڵانەوە گرینگەکانی بۆکان و تەنانەت کوردستان ڕاپەڕینی

جوتیارانی بۆکانە کەلەدەوروبەری ساڵی ١٩٥٣ دا ڕوویدا. ئەم ڕاپەڕینە جوڵانەوەیەکی جەماوەریی چینایەتیی نەتەوەیی گرنگی کورد بوو کەلەفەزای ئاوەڵەی سیاسی ساڵانی نێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٥٣)ی ئێران‌و سەردەمی چالاکییەکانی جەبهەی میللی‌و حزبی تودەی ئێران واتە حکومەتی میللی دوکتۆر موسەدق دا هاتە کایەوەو ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری بێگومانی فەزای دژ بەشاو چەوسێنەراندا کەلەئێرانی ئەوساڵانەدا گەیشتبووە لوتکەیەکی بەرز. پەرەی سەند، بەڵام تایبەتمەندی ئەوتۆشی هەبوو کەنەك هەر لەهەموو شوێنێکی ئێران نەبینرا بەڵکو کەوتە پێش هەر بزوتنەوەیەکی دیکەی هاوچەشن لەکوردستان‌و تەنانەت موکریانیش. لەبەرئەمە ئەوکات دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی حکومەتی پاشایەتی ڕاستەوخۆ پشتگیریی دەرەبەگەکانیان کردو بڕیاریان بۆ سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینە مەزنەدا. لەچەند ڕووەوە سەرنجی گرنگی ئەم جوڵانەوە جەماوەرییە دەدرێ، لەلایەکەوە هێشتا تەزووی سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی موکریان‌و ڕوخاندنی کۆمار لەلەشی خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەتی ناوچەکە دەرنەچووبوو، خوێنی شەهیدانی کۆماریش لەچوارچراو حەوزەگەورەو مەیدانی هەڵۆ هەروا هالاوی لێ هەڵدەستاو فەزای سامناکی ئەو سەرکوتە هەروا باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو.

لەلایەکی ترەوە بەتایبەتی ئەوسەردەم، ستەم‌و چەوساندنەوەی ڕەشایی وەرزێرو جوتیارو بەگشتی خەڵکی ناوچەکە لەلایەن دەرەبەگ‌و ئاغاواتەوە زۆر بێ بەزەییانە بوو. لەبارودۆخێکی ئاوادا هەستێکی وشیارانە لەنێو خەڵکی ناوچەی بۆکاندا گەشەی کردو ڕاپەڕینێکی مەزن دژ بەو چەوساندنەوەیە سەری هەڵدا.

لوتکەی جوڵانەوەکە، لەپایزو زستانی ١٩٥٣دا بوو، کە دوکتۆر موسەدەقیش لەتاران لەگەڵ شا کێشەی بوو. شوێنی تایبەتی ڕێکخستنی بزوتنەوەکە بۆ هەڵمەتبردن لەگوندی ئاڵبلاغ بوو. وای لێهات نزیکەی ١٠٠٠٠ دە هەزار نەفەر وەرزێر (چ جوتبەندە، چ قەرە) لەزستانی ١٩٥٣دا کۆبوونەوەو چەند کەسیان لەدەست‌و پەیوەندی دەرەبەگەکان بە (بارمتە) گرت‌و دەیانویست بێن بۆکان لەدەست هێزی دەوڵەت دەربێنن. لەماوەی چەند ڕۆژدا هەزاران کەس لەخەڵکی ناوچەکانی بۆکان بەتایبەتی فەیزوڵا بەگی بەسەرکردایەتی نەمر حاجی قاسم کەریمی‌و ڕەوفی حافیزولقورعان عەبدوڵڵا ئێرانی‌و سەید کاکە عەلی ڕەحیم بەگ هەڵمەتیان بردە سەر ئاغاوات‌و دەرەبەگەکان‌و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکیش لەئەم ڕاپەڕینە لەنێو شاری بۆکان بەدژی ئەم ستەمە درێژەی کێشا. لەم نێوەندەدا ئاغاکان پەنایان بردە لای خودی شاو بەهێزی حکوومەت و نۆکەرو دەست‌و پەیوەندییەکانیانەوە توانیان ئەم جوڵانەوەیە سەرکوت بکەن‌و چەند کەسێکیش لەنێو شاردا شەهید بکەن. سەرکردەکانی ئەم جوڵانەوەیەش بەتایبەتی نەمر قاسم کەریمی‌و ڕەووف حافیزولقورعان دوای ئەوەی ماڵ‌و سامانیان شوێندرا، لەترسی گیانیان ڕایانکرد بۆ باشووری کوردستان‌و حاجی قاسم کەریمی ساڵی ٢٠٠٣ لەهەولێر کۆچی دوایی کرد،و ڕەووف حافیزولقوعان دوای تەمەنێکی پڕ لەشانازیی خەبات‌و کوردایەتی ئەمێستاکە لەسلێمانی خەریکی دوورینی جلوبەرگەو تەمەنی پڕ لەئەزموونی تێپەڕدەکا.

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی حکومەتی پاشایەتی لەو جوڵانەوانەیە کەبۆکانیش دەوری چالاکی تێدا گێڕا. ئەم جوڵانەوەیە کەهاوکات بوو لەگەڵ جوڵانەوەکانی سەرانسەری ئێران لەکاتی خۆیدا دەنگدانەیەکی باشی لەسەر ئاستی ئێران‌و تەنانەت دەرەوەش هەبوو. بۆ نمونە ڕۆژنامەکانی تورکیا هەواڵی خۆپیشاندانی ٨ی ڕەزبەری ساڵی ١٩٧٨ی بۆکانیان بەچڕی بڵاوکردەوە. ئەوەش ٥ مانگ بەرلەڕووخانی ڕژێمی شاهەنشا بوو. خۆپیشاندانی خوێندکارانی مەدرەسەکانی بۆکان لەم ڕۆژەدا یەکەم ڕێپێوانی شارەکە نەبوو، یەکەم ڕێپێوان سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧٨ بەبەشداری خەڵکی گەڕەکی قوللە بۆ دابینکردنی ئاووکارەبا لەبەر شارەوانی‌و بنکەی ئاسایشی شار هاتە ئاراوە کەپاشان بوو بەخۆپیشاندانێکی دەستپێك لەبۆکان کەبەتەقەکردنی پۆلیس‌و هێزی چەکدار بڵاوەی پێکرا. پاشان لەدژی ئاکاری هێزەچەکدارەکانی ئاسایش دەرهەق بەیەکێك لەمامۆستایانی دڵسۆزی شارەکە تەقینەوەیەکی جەماوەری دژی ڕژێم بەشێوەی خۆپیشاندان ڕووی دا. ڕۆژی ٨ی ڕەزبەر (٣٠ سێپتەمبەر) خوێندکارانی دەبیرستانی کورش کەبیرو قوتابخانەکانی ناوەندی ڕژانە شەقامەکان‌و ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بەڕێوەبرد.

هێزە چەکدارەکانی حکومەتیش سیلەیان لەخەڵك گرت‌و خەڵکەکەیان گوللەباران کرد. محەمەد بەهرامی‌و کەمال حەمیدی دوو خوێندکاری شارەکە خوێنیان خەڵاتی کوردستان کرد و چەند کەسی تر بریندار بوون.



بۆکان ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی